# بێوەژنەکانم

2004/9/20



هۆشەنگ شێخ محەمەد

Hoshang72@yahoo.com

---



1

ئیدی شەیدام هەمیشە دوای مردنیشم پەنچەرەکان

بۆ ژیان بکەمەوە

دوای مردنیشم بەردەوام .. من وێڵم سەفەر بەرەو

ئازادی بکەم

من ئومێدی هەبونێک بۆ خۆم و ژن و دەسگیران و

برادەر و ئاژەڵەکان ئەکەم کە بە مردنی

خۆشەویستان بێزار نەبن

کە ژنەکانم ئەبنە بێوەژن بتوانن بەردەوام گۆرانی

بڵێن و .. هەمیشە پرچیان بە خەنە بێت و بۆنی مێخەک لە ناو مەمکیاندا بفرێت

هەمیشە لە دوای مردنەکانم ژنە خۆشەویستەکانم خۆشەویست بن و .. لە گەل

دەسگیرانەکانم باسی ماچ و مووچەکان بکەن

هەمیشە باوەش بە منی پیاو و ئامێزیان لە بۆنی من وەردەن

هەمیشە با بەو ئاقارەدا بفڕن کە ئەیانباتەوە سەر نوینەکانی بێ ئاگاییترین سات و

تێکەڵترین لە حزەی ژیان بە مەرگ و مەرگ بە ئازادی...

بیانباتەوە سەر جوانترین تەئەممول و خودترین ژن لە ساتەکانی مێیەتیدا

دەبا هەمیشە ئەی ژنە جوانەکانم .. لەناو یەکدا تا دوا نوختە لێک دووربین و تا دوا لەحزەش وێک نەچین

وێک نەچین و لەیەک نەچین و پێک نەچین و هاوبەش بین........

2

ئەڵێن دوای مردنی مێردەکان .. بێوە ژنەکان جوان ئەبن..

ئەمە راست بێت یان نە .. تۆ جوانتربە و عومرت بکە بە خەرمانەی بخور و تۆزی نێرگز

پرچت بکە بە قەتران و سۆمات پڕکە لە شیعر و کلی رەنگەکانی چاوی تاووس

وەک تریفە برژێ بەسەر هەوەسەکانی ئەڤین وجوانییەکانی دوای مردنم..

3

مردن هەوەسی بێوەژنەکان ناکوژێت

ئەی جوانتر لە رەنگەکانی ئازادی و شۆختر لە یاسەمینەکانی رەهایی

جوان بە وەک ساتەکانی فڕین و کەوتنی جەستەی مەست بە بۆشایی شەهوەتدا



شل بە وەک ساتە بێهۆشەکانی بارین لە هەوەسدا

جوان بە ئەی شۆڕەژنی بالاّتر لە جاویدانی ..

ژیان ... هەمیشە لە پەرچەمی تۆوە با برژێ

دونیا بەردەوام لە دیدەی تۆدا با بخەوێ و بێداربێتەوە..

تۆ هەمیشە خەون بە .. هەمیشە سەربەست......

4

ولاّتی بێوەژنان هەمیشە پڕە لە پیاو

شەرمین مەبە و ولاّتەکەت رەنگینتر کە لەوەی منداڵەکان رەنگەکانت لێ بسڕنەوە

پیاوەکانی ولاّتی بێوەژنەکان هەمیشە لە تاریکیدا دێن و ئەچن .. هەمیشە لە شەودا وجودیان هەیە

بەردەوام وەک تارمایی ژیان ئەکەن.. بەردەوامیش بۆنی رێحان و قەنەفەر لە باخەڵیان تێکەڵ بە مێخەک و ئارەقەیە

پیاوێکن لەگەل بێوەژنەکان ئەبنە دوولەت لەتێک مەستی و لەتێک خەتا

لەتێک ژیان و لەتێک عەدەم